بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقايعى كـوردستان


رۆژنامەی رەسمیی حکـومەتی هەرێمـی کـوردسـتانە / وەزارەتی داد دەری دەکـات

ژمــارە (٣٤)   ســـاڵی سێیـەم  ٢٠٠٢/٨/٢٤ ز   (٢)ی گەلاوێژ ٢٧٠٢ کوردی   (١٦) جمادي الثانية ١٤٢٣ی کۆچی


## لـەم ژمــارەیــەدا :

34


- یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٢ — ل١
  یاسای لابردنی مەعزەرەتی یاسایی سزا سوککەر بە بیانووی شەرەفپارێزی لە تاوانی دژ بە ئارفەت
- یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٢ — ل٢
  یاسای لە قەڵەمدانی ئەندامێتی پەرلەمانتاری مافپەروەر بە خزمەتی دادوەری
- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی ئەنجومەنی وەزیران — ل١١
  ڕێنمایی تایبەت بە بڕیاری لابردنی تەجاوزاتی هاووڵاتیان لەسەر زەویوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان
- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی وەزارەتی داد — ل٣
  ڕێنمایی خەملاندنی خانووبەرەی بابەتی بڕیاری ١١٩٨ی ساڵی ١٩٧٧ی هەموارکراو
- ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٢ی وەزارەتی داد — ل٤
  ڕێنمایی پووچەڵکردنەوەی مامەڵەکانی سەرلەنوێ تۆمارکردنەوە لە قەزای زاخۆ
- بەیاننامەی ژمارە (١)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری — ل٦
  کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی
- بەیاننامەی ژمارە (٦)ی وەزارەتی داد — ل٧
  پێکهێنانی دادگای دووەمی لێکۆڵینەوەی هەولێر
- بەیاننامەی ژمارە (٧)ی وەزارەتی داد — ل٨
  کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی دووەمی تۆمارگای خانووبەرەی هەولێر



www.geocities.com/dad_kurdistan
e.mail: waqaea@yahoo.com

٢٢٣٠٣٥١,٢٢٣٠٣٥٢,٢٢٣٠٣٥٣,٢٢٢٠٥١٢

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العــدد (٣٤) السـنة الثالثة ٨/٢٤/ ٢٠٠٢م (٢) گەلاوێژ ٢٧٠٢ ك (١٦) جمادي الثانية ١٤٢٣ هـ

## في هذا العـدد


قـانون رقــم (١٤) لســـنة ٢٠٠٢ ص٩
عدم أعتبار أرتكاب الجريمة بحق المرأة بذريعة بواعث شريفة ، عذراً قانونياً مخففاً

قـانون رقــم (١٥) لســـنة ٢٠٠٢ ص١٠
أحتساب عضوية الحقوقي في البرلمان خدمة قضائية

تعليمات رئاسة مجلس الوزراء رقــم (١) لســـنة ٢٠٠٢ ص١١
تعليمات تسهيل تنفيذ قرار رفع تجاوزات المواطنين على اراضي حكومة أقليم كوردستان العراق

تعليمات رقــم (١) لســـنة ٢٠٠٢ لـوزارة العدل ص١٢
تعليمات تقدير قيمة العقار المشمول بالقرار ١١٩٨ لسنة ١٩٧٧ المعدل

تعليمات رقــم (٢) لســـنة ٢٠٠٢ لـوزارة العدل ص١٣
تعليمات أبطال معاملات التسجيل المجدد في قضاء زاخـو

بيـان رقــم (١) لســـنة ٢٠٠٢ لـوزارة المالية و الأقتصاد ص٦
استحداث مديرية الحسابات في المديرية العامـة للتجارة

بيـان رقــم (٦) لســـنة ٢٠٠٢ لـوزارة العدل ص٧
تشكيل محكمـة تحقيق أربيل الثانيـة

بيـان رقــم (٧) لســـنة ٢٠٠٢ لـوزارة العدل ص٨
استحداث مديرية التسجيل العقاري الثانية في أربيل


www.geocities.com/dad_kurdistan
e.mail: waqaea@yahoo.com

☎ ٢٢٣٠٣٥١,٢٢٣٠٣٥٢,٢٢٣٠٣٥٣,٢٢٢٠٥١٢

سعر النسخة ( ٥ ) دنانير

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عیّـراق**
**ژمارەی دەرهیّنـــان : ١٤**
**رۆژی دەرهیّنـــان : ٢٠٠٢/٨/١٤**

پشت بە حوکمەکانی برِگە (١)ی مـاددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـالّی (١٩٩٢)و ، لەسـەر داوای ژمـارەی یاسـایی لـە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عیّـراق و ، داوای ئەنجومـەنی وەزیـران و ، ئـەو یاسـاکارییەش کـە ئەنجومەن لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (٢)ی رۆژی (٢٠٠٢/٨/١٣) یدا ئەنجامی داوەو ، بـە پیّی ئەو دەسەلاّتەش کە برِگە (٣)ی مـاددەی دووەمـی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـالّی ١٩٩٧ پیّمانی داوە ، برِیاری دەرهیّنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یـاسـای ژمـــارە (١٤)ی ســالّـی ٢٠٠٢

**ماددەی یەکـەم :**

تیّوەگلان لە تاوانی دەرهەق بـە ئافرەتـدا ، بـە بیـانووی هۆکـاری شـەریف ، بۆ مەبەسـتی بەرکارخـستنی حوکمـەکانی ماددەگـەلی (١٢٨ ، ١٣٠ ، ١٣١)ی یاسـای سـزاکانی ژمـارە (١١١)ی هەموارکراوی سالّی ١٩٩٦ بە پۆزشی (مـەعزەرەتی) یاسـایی سـزا سـووك كـەر لـە قەلّەم نادریّت.

**ماددەی دووەم :**

هەر دەقیّ پیّچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بیّت ، ناخریّتە بەرکار.

**ماددەی سـیّیەم :**

پیّویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چـوارەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا ، دەخریّتە بەرکار .

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عیّـراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی كوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنــان : ١٥**
**رۆژی دەرهێنــان : ٢٠٠٢/٨/١٤**

پشت بە حوكمەكانی برگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەمواركراوی سـاڵی (١٩٩٢)و ، لەسـەر داوای ژمـارەی یاسـایی لـە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق و ، ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەن لـە دانیـشتنی نائاسـایی ژمارە (٢)ی رۆژی (٢٠٠٢/٨/١٣) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێـی ئـەو دەسـەڵاتەش كـە برگـە (٣)ی مـــاددەی دووەمـــی یاســـای ژمـــارە (١٠)ی ســـاڵی ١٩٩٧ پێمـــانی داوە ، برِیـــاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

**یاسـای ژمـــارە ( ١٥ )ی سـاڵی ٢٠٠٢**

**ماددەی یەكـەم :**

ئـەو ماوەیـەی كـە حقـوقی لـە ئەنـدامێتیی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی كوردسـتانی عێراقـدا بەسـەری دەبـات ، بـە خزمـەتی دادوەریـی بـەكردار بـۆ مەبەسـتی دامەزرانـدن و تەرقیـە و تەرفیع حساب دەكرێت.

**ماددەی دووەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت ، ناخرێتە بەركار.

**ماددەی سـێیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

**ماددەی چـوارەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان) دا ، دەخرێتە بەركار .

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆكی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران**
**وەزارەتـی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشـتی**
**بەڕێوەبەرایەتی پـلان دانان**
**بـەروار : ٢٠٠٢/٨/١٠**

## ڕێنمـایـی ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٢
## ڕێنمـایی خەملآنـدنی خانووبـەرەی بابەتی بڕیـاری ١١٩٨ی سـاڵی ١٩٧٧ ی هەمـوارکـراو

پشت بەو دەسەلآتەی بە پێی حوکمی ماددە (٣) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ پێمان دراوە ، سەبارەت بە خەملاندنی خانووبەری بابەتی بڕیاری ژمارە ١١٩٨ی ساڵی ٩٧٧ی هەموارکراو و ، بۆ ئاسانکاری پیادەکردنی بڕیاری ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠٠١ی پەرلەمانی کوردستان ، بڕیارماندا ئەم ڕێنماییە دەربکرێت :ـ

١) لە کاتی بینینی داوای تەملیککردنی خانووبەرە لە دادگاکاندا ، یان مامەلەی فرۆشتنی خانووبەرە لە فەرمانگەکانی جێبەجێکرندا ، بە پێی بڕیاری ١١٩٨ی ساڵی ١٩٧٧ ، هەریەك لە دادوەر و جێبەجێکار بە ئامادەبوونی نوێنەری فەرمانگەی تۆمارگای خانووبەرە و فەرمانگەی باجی دەرامەتی شوێنی موڵکەکە ، خانووبەرەکە دەخەملێنێت .

٢) هەریەك لە فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرە و فەرمانگەی باجی دەرامەت و لایەنەکانی داوا ، یان دۆسیەی جێبەجێکردن ، بۆیان هەیە بە پێی برگەی (دووەم) لە بڕیاری ژمارە (١٢)ی ساڵی /٢٠٠١ لە ماوەی (١٥) رۆژ لە بەرواری دەرچوونیەوە تانووت (طعن) لە بڕیاری خەملاندنەکە لە بەردەم دادگای تێهەڵچوونەوە (بە سیفەتی تەمیزی) بدەن .

٣) وێنەیەك لە بڕیاری خەملاندنەکە دەدرێتە فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرە و فەرمانگەی باجی دەرامەتی ناوچەی موڵکەکە ، بۆ ئەوەی ئەگەر پێی رازی نەبوون لە ماوەی یاساییدا تانووتی لێ بدەن .

٤) کرێی نوێنەری هەردوو فەرمانگە ، هەمان کرێی لیژنەی نۆڕینی کڕین و فرۆشتنی ئاسایی لە فەرمانگەی تۆمارگای خانووبەرە دەبێت و ، لە خاوەن موڵك وەردەگیرێت .

٥) ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت .

**هـادی علی**
**وەزیـــــری داد**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان
بەروار : ٢٠٠٢/٨/١٤

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٢
## ڕێنمایی پووچەڵكردنەوەی مامەڵەكانی سەرلەنوێ تۆماركردنەوە لە قەزای زاخۆ

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی كوردستان پێمان دراوە و ، بۆ ئاسانكاری پیادەكردنی بڕیاری پەرلەمان ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠١ سەبارەت بە پووچەڵكردنەوەی مامەڵەی سەرلەنوێ تۆماركردن لە قەزای زاخۆ ، بڕیارماندا بە دەركردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

١. تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی زاخۆ گشت ئەو مامەڵانەی تۆماری سەرلەنوێ هەڵدەوەشێنێتەوە ، كە لە ١٩٩١/٣/٥ بەدواوە ئەنجامدراون و لایەنی پەیوەنداری پێ ئاگادار دەكاتەوە . بڕیاری پەرلەمان ئەو مامەڵانە ناگرێتەوە كە بە ناوی حكومەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق تۆمار كراون .
٢. لیژنەی ئاماژەپێكراو لە بڕیاری پەرلەمان بە (لیژنەی تایبەت بە چەسپاندنی موڵكایەتی) ناو دەبرێت و كارەكانی بە پێی ڕێكارەكانی سەرلەنوێ تۆماركردنی یاسای تۆمارگەی خانووبەرەی ژمارە /٤٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەمواركراو بەڕێوە دەبات.
٣. لایەنی پەیوەندار بۆی هەیە ، لە ڕێگەی تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی زاخۆ ، جارێكی دی داواكاری تۆماركردنی سەر لەنوێی خانووبەرەكە پێشكەش بە لیژنەی پێكهێنراو بە پێی بڕیاری ژمارە (٧) لە ساڵی ٢٠٠١ی پەرلەمان بكاتەوە .
٤. لیژنەكە داواكاری سەرلەنوێ تۆماركردنی ئەو كەسانە دەبینێت ، كە مامەڵەكانیان پووچەڵ كراونەتەوە و ، تانووت لە بڕیاری بە تۆماركردن و ڕەتكردنەوەی لە بەردەم دادگای تەمیزی هەرێمی كوردستان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە پێراگەیاندنی لایەنی پەیوەندار دەدرێت و ، وەزارەتە پەیوەندارەكان هەمان مافی تانووت لێدانیان هەیە .
٥. مامەڵەی سەرلەنوێ تۆماركردنی زەوی كشتوكاڵی ئەو كەسانەی بە پێی ماددە (١)ی بڕیارەكە مامەڵەیان پووچەڵكراوەتەوە لە دەسەڵاتی لیژنەكەنییە . ئەوانە دەتوانن داواكاری پێشكەش بە لیژنەی چەسپاندنی مافی زەوی كشتوكاڵی لە

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بکەن ، چونکە داواکاریەکەیان دەکەوێتە بەر باری یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵیی بەرکار لە هەرێم .

٦. لیژنەکە ، جگە لە داواکاری سەر لە نوێ تۆمارکردنی ئەو کەسانەی مامەڵەیان پووچەڵ کراوەتەوە ، مامەڵەی کەسانی دی لەسەر ئەو زەویانە نابینێت ، مامەڵەی ئەوان دەکەوێتە بەرباری برگە ٢ مادده /٤٦ی یاسای تۆمارگەی خانووبەرەی ژمارە ٤٣ی ساڵی ١٩٧١ هەموارکراو .

٧. أ ـ دوای پووچەڵکردنەوەی ئەو مامەلانەی لە برگەی دووەم و سێیەمی بریاری پەرلەماندا هاتووە و پێڕاگەیاندنیان ، ئەگەر لایەنی پەیوەندار جارێکی دی داواکاری پێشکەش بە لیژنەکە نەکرد یان ئەگەر پێشکەشی کرد و لیژنە رەتی کردەوە و بریارەکە پلەی بنبڕی بە دەستهێناو خاوەندارێتی موڵکەکە بۆ کەس دەرنەچوو و بە هەڵواسراوی مایەوە ، ئەو ا دوای ساڵێك بە پێی ماددەکانی ٤٣ و (٥٠ ی دووبارە) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ هەموارکراو موڵکەکە بە ناوی دەوڵەت تۆمار دەکرێت .

ب ـ ئە مامەلانەی بە پێی ماددەی یەکەمی بریارەکە پووچەڵ کراونەتەوە ، دەکەونە دەسەلاتی لیژنەی تایبەتمەند بە چەسپاندنی مافی زەوی‌وزار لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری و بە پێی یاساکان تێدەرواندرێن ، ئەگەر خاوەندارێتی و مافی رەفتاریان بۆ هیچ کەس و لایەنێك ساغ نەبووەوە ، یان خاوەن مامەلە پووچەڵکراوەکان ، دوای پێڕاگەیاندنیان بە پووچەڵکردنەوەکە ، داوای دیکەیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوبراو نەکرد ، ئەوا ئەو زەویانە دوای ساڵێك بە پێی مادەی ٤٣و (٥٠ ی دووبارە) لە یاسای تۆمارگای خانووبەرەی ژمارە /٤٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو پاك لە پاك بە ناوی میری تۆمار دەکرێن .

٨. ئەم رێنماییە لە رێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت .

**هادی علی**
**وەزیری داد**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**سەرۆكايەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی داراییو ئابووری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**خۆیەتی**
**ژمارە : ٢٩٧٥**
**مێژوو : ٢٠٠٢/٨/٧**

## " بەیان "

بۆ بەرژەوەندی گشتی و پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی برگەی (٢) لە ماددەی چوارەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو پێمان دراوە ، بڕیارماندا بە :

کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بۆ سەرپەرشتی و بە دواداچوونەوەی بەشەکانی ژمێریاری بەڕێوەبەرایەتیەکانی بازرگانیەکان.

**سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ**
**وەزیری داراییو ئابووری**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان**
**بەروار ٢٠٠٢/٨/١٧**

**بەیان ژمارە ( ٦ )**
**پێکهێنانی دادگای دووەمی لێکۆڵینەوەی هەولێر**

بۆ بەرژوەندی گشتیو پاڵپشت بە مادده ٣٠/ دووەم لە یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩٢ بڕیارماندا :-

١) بە پێکهێنانی دادگای دووەمی لێکۆڵینەوەی هەولێر بۆ بینینی :-

أ- داوای ئەو تاوانانەی کە دادگای دووەمی تاوانی هەولێر بە پێی بەیانی ژمارە (٤)ی وەزارەتی داد دەیانبینێت .

ب - داوای ئەو تاوانانەی کە دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان لە دەزگاکانی ئاسایشن .

٢) ئەو بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە پیادە دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا بلاودەکرێتەوە.

**هادی علی**
**وەزیری داد**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**سەرۆكايەتی ئه نجومەنی وەزيران**
**وەزارەتی داد**
**بەرێوەبەرايەتی پەيوەنديەكان**
**بەروار : ٢١/٨/٢٠٠٢**

## بەيان ژمارە (٧)
## كردنەوەی بەرێوەبەرايەتی دووەمی تۆمارگای خانووبەرەی هەولێر

پشت بەو دەسەلاَتەی بە پێی برگە (٢) لە ماددەی حەوتەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو پێمان دراوە و بۆ بەرژەوەندی گشتی ، بڕیارماندا بە :

١) كردنەوەی بەرێوەبەرايەتی دووەمی تۆمارگای خانووبەرەی هەولێر .
٢) ئەو زەوی و كەرتانەی لە خوارەوە دیاركراون دەكەونە سنووری كاركردنی بەرێوەبەرايەتی ناوبراوەوە .
٣) تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی بنەسلاَوە سەر بە بەرێوەبەرايەتی دووەمی تۆمارگای خانووبەرەی هەولێر دەبێت .
٤) ئەو بڕیارە پیادە دەكرێت ، لە رۆژی بلاَوكردنەوەیەوە لە رۆژنامەی (وەقايعی كوردستان)

| ز | ناوی كەرت | ژمارەی كەرت |
|---|---|---|
| ١ | وارش | ٤٥ |
| ٢ | باداوە | ٩٤ |
| ٣ | حەسارۆك | ٩٣ |
| ٤ | كشتوكاڵییەكان | لە (١٠١) تا (٢٠٧) |

**هادی علی**
**وەزیری داد**

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بأسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**
**رقم الأصدار : ١٤**
**تأريخ الأصدار: ٢٠٠٢/٨/١٤**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) و المادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، و بناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني و مجلس الوزراء ، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته الأستثنائية المرقمة (٢) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٢/٨/١٣ و للصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا اصدار القانون الأتي :

## قانون رقم (١٤) لسنة ٢٠٠٢

**المادة الأولى :**

لا يعتبر ارتكاب الجريمة بحق المرأة بذريعة بواعث شريفة عذراً قانونياً مخففاً لأغراض تطبيق احكام المواد (١٣١،١٣٠،١٢٨) من قانون العقوبات رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل .

**المادة الثانية :**

لا يعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القانون .

**المادة الثالثة :**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون .

**المادة الرابعة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بأسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**
**رقم الأصدار : ١٥**
**تأريخ الأصدار: ٢٠٠٢/٨/١٤**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) و المادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، و بناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني ، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـــ العراق بجلسته الأستثنائية المرقمة (٢) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٢/٨/١٣ و للصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا اصدار القانون الأتي :

## قانون رقم ( ١٥ ) لسنة ٢٠٠٢

**المادة الأولى :**

تحتسب المدة التي يقضيها الحقوقي في عضوية المجلس الوطني لكوردستان العراق خدمة قضائية فعلية لغرض التعيين و الترقية و الترفيع .

**المادة الثانية :**

لا يعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القانون .

**المادة الثالثة :**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون .

**المادة الرابعة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

أقليم كوردستان العراق
رئاسة مجلس الوزراء
التأريخ : ٢٠٠٢/٨/١

## تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٠٢
## لتنفيذ قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق

أستناداً الى الفقرة السادسة من القرار المرقم (٥) في ٢٠٠٢/٥/٢٧ الصادر من المجلس الوطني لكوردستان العراق الخاص بتمليك الأراضي المتجاوز عليها من قبل المواطنين و لتسهيل و متابعة تنفيذ القرار المذكور اصدرنا التعليمات التالية :-

١. تشكل لجنة عليا في وزارة البلديات و السياحة بقرار من الوزير يشارك فيها ممثل عن وزارة العدل / التسجيل العقاري و ممثل وزارة المالية و الأقتصاد / الضريبة للأشراف على أعمال اللجان الفرعية الخاصة للتخمين و التمليك و متابعتها و ترفع اليها أعتراضات ذوي العلاقة من قبل الوحدات الأدارية أو البلدية المعنية و قرارها بات و نهائي .
٢. تشكل لجان فرعية للتخمين و التمليك في رئاسة كل بلدية من قبل رئيس البلدية و على هذه اللجان رفض طلبات المتجاوزين لمن كان تجاوزة على الأراضي من أو بعد ٢٠٠٠/١/١.
٣. عند وفاة المتجاوز يحق لأحد ورثته الشرعيين تقديم طلب للتمليك و تقبل مراجعاته لدى الدوائر ذات العلاقة و تسجل الدار بأسماء الورثة بموجب القسام الشرعي .
٤. تقيد الأيرادات الناجمة عن تنفيذ هذه التعليمات باسم وزارة المالية و الأقتصاد و تستعمل الوصولات المحاسبية المعتمدة في استلام المبالغ و لا يجوز مطلقاً التعامل بأية وصولات مؤقتة أو غير معتمدة .

نيْچيرڤان بارزانى
رئيس مجلس الوزراء

ئـــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة العدل
مديرية العدل العامة
مديرية التخطيط و المتابعة
التأريخ : ٢٠٠٢/٨/١٠

## تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٠٢
## تعليمات تقدير قيمة العقار المشمول بالقرار ١١٩٨ لسنة ١٩٧٧ المعدل

استناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب احكام المادة (٣) من قانون وزارة العدل المرقم ١٢ لسنة ١٩٩٢ ، وتسهيلاً لتطبيق قرار البرلمان الكوردستاني المرقم ١٢ لسنة ٢٠٠١ حول تقدير العقار المشمول بالقرار ١١٩٨ لسنة ١٩٧٧ المعدل ،

قررنا اصدار التعليمات التالية :-

١) تقوم كل من المحكمة و دائرة التنفيذ بتقدير العقار موضوع الدعوى أو الأضبارة التنفيذية وفق القرار ١١٩٨ لسنة ١٩٧٧ المعدل ، بحضور ممثلي دائرة التسجيل العقاري و ضريبة الدخل لمنطقة العقار .

٢) لكل من طرفي الدعوى أو الأضبارة التنفيذية و دائرة التسجيل العقاري و ضريبة الدخل لمنطقة العقار الطعن في قرار التقدير امام محكمة استئناف المنطقة (بصفتها التميزية) خلال مدة (١٥) يوما من صدوره و ذلك استناداً الى الفقرة الثانية من القرار (١٢) لسنة ٢٠٠١ .

٣) ترسل صورة من قرار التقدير الى كل من دائرتي التسجيل العقاري و ضريبة الدخل لمنطقة العقار لتمكينهما من الطعن فيه خلال المدة القانونية ان لم تقنعا به .

٤) تقدر أجور ممثلي الدائرتين وفق ما هو مقرر للجان الكشف العاملة في دائرة التسجيل العقاري و تستوفى من صاحب العقار .

٥) يعمل بهذه التعليمات اعتباراً من تأريخ صدورها .

هادى على
وزير العدل

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**رئاسة مجلس الوزراء**
**وزارة العدل**
**مديرية العدل العامة**
**مديرية التخطيط و المتابعة**
**التأريخ : ٢٠٠٢/٨/١٤**

## تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٠٢
## تعليمات أبطال معاملات التسجيل المجدد في قضاء زاخو

أستناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب قرار البرلمان الكوردستانى المرقم (٧) لسنة ٢٠٠٢ و تسهيلاً لتطبيق قرار البرلمان المرقم (٧) لسنة ٢٠٠١ المعدل حول ابطال معاملات التسجيل المجدد في قضاء زاخو قررنا اصدار التعليمات التالية :-

١. تقوم دائرة ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو بأجراء مراسيم ابطال معاملات التسجيل المجدد للأراضي و العقارات الجارية أعتباراً من ١٩٩١/٣/٥ و تبلغ ذوي العلاقة بقرار ، و تستثنى منها معاملات التسجيل المجدد المسجلة بأسم حكومة أقليم كوردستان العراق .
٢. تسمى اللجنة المشكلة بموجب القرار أعلاه بـ ( اللجنة الخاصة بتثبيت الملكية) و تقوم بنفس أجراءات مراسيم التسجيل المجدد وفقاً لقانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل بالنسبة لمعاملات الأشخاص الذين ابطلت معاملاتهم .
٣. لذوي العلاقة تقديم طلباتهم ثانية بخصوص تسجيل الملك مجدداً بأسمائهم و يتم تقديمها الى اللجنة المشكلة بموجب قرار المجلس الوطني الكوردستاني رقم (٧) لسنة ٢٠٠١ المعدل عن طريق ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو .
٤. تنظر اللجنة في معاملات التسجيل المجدد المبطلة بموجب القرار أعلاه و المقدمة ثانية و تكون قراراتها بالتسجيل أو رفضه خاضعة للطعن أمام محكمة تمييز أقليم كوردستان خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ تبليغ ذوي العلاقة بالقرار و للوزارات ذات العلاقة حق الطعن المذكور وفق القرار .
٥. تكون معاملات التسجيل المجدد الجارية على الأراضي الزراعية الواردة في المادة الأولى من القرار رقم (٧) لسنة ٢٠٠١ المعدل خارجة عن أختصاص اللجنة أعلاه لكونها غير مشمولة بأحكام التسجيل المجدد الواردة في قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل ، و لذوي العلاقة حق تقديم طلباتهم الى لجان تثبيت حقوق الأراضي

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

الزراعية في وزارة الزراعة و الري لكونها خاضعة لأحكام قوانين الأصلاح الزراعي النافذة في الأقليم .

٦. لا تسري صلاحيات عمل اللجنة على المعاملات التي تقدم لغرض التسجيل المجدد من قبل أشخاص أخرين عدا الأشخاص الذين هم أصحاب المعاملات المبطلة ، لأنها مشمولة بالمادة (٤٦) فقرة (٢) من قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل .

٧. أ- بعد أكمال أجراءات الأبطال و تبليغ ذوي العلاقة و عدم تقديم طلب من قبل طالبي التسجيل المجدد بالنسبة للعقارات الواردة في المادتين الثانية و الثالثة من القرار لغرض تسجيل الملك مجدداً ، أو اذا رفضت طلباتهم نتيجة الأجراءات من قبل اللجنة المذكورة و أنتهاء مدة الطعن المنصوص عليها في الفقرة (أ) من المادة الخامسة من القرار رقم (٧) لسنة ٢٠٠١ المعدل و لم تثبت لديها عائدية العقار الى شخص معين أو أية جهة أخرى و بقيت العقار معلقة دون التسجيل في دوائر التسجيل العقاري ، تسجل بعد مرور مدة السنة المنصوص عليها في قانون التسجيل العقاري المرقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل وفقاً للمادتين (٤٣) و (٥٠ مكررة ) من القانون المذكور بأسم الدولة .

ب - بالنسبة للأراضي الزراعية الواردة في المادة الأولى من القرار تكون من أختصاص اللجان المختصة بتثبيت حقوق الأراضي الزراعية في وزارة الزراعة و الري حسب قوانينها و تعليماتها النافذة . وعند عدم تثبيت ملكيتها أو حقوقها التصرفية باسماء طالبيها ، أو أية جهة أخرى ، أو عدم تقديم طلب بعد تبليغهم بقرار الأبطال . تسجل بأسم وزارة المالية خالية من جميع الحقوق التصرفية بعد مرور مدة السنة المنصوص عليها وفقاً للمادتين (٤٣) و (٥٠ مكررة ) من قانون التسجيل العقاري المرقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل .

٨. تنفذ هذه التعليمات من تأريخ صدورها .

**هادى على**
**وزير العدل**

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com